# کۆمەك بە کۆنگرەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان، بکەن!!

**هاوریان، دوستان، ئازادیخوازان!!**

بەم زووانە کۆنگرەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان سازدەدرێت. لەئەنجامی دەورەیەك لە هەول و تیکۆشانی کۆمۆنیستە کریکاریەکانی کوردستان، سەرەنجام کۆمیتەی ئامادەکار بۆپیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان، لەکۆبوونەوەی ئاخری خۆیدا بریاری فەوری بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی ئەم حزبەی پەسەندکرد. ئەم کۆنگرەیە کەتائیستا زیاتر لە 150 کەس لە هەلسووراوانو کەسایەتی ناسراوی نیو بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیست و کۆروکۆمەلی لاوان و ژنان خۆیان بۆنوینەرایەتیکردن لەم کۆنگرەیەدا ناونوسکردووە، بریارە بەشیوەیەکی عەلەنی و بەئامادەبوونی دەزگاکانی راگەیاندن و نوینەرانی چەندین ئەحزاب و ریکخراوە جەماوەرییەکان لەچەند هەفتەی داهاتوودا و لەیەکیك لەشارەکانی کوردستان سازبدریت.

کۆنگرەی دامەزارندن، رووی لەراگەیاندن و پیکهینانی خیرای حزبیکی مارکسیستی ونوی کردووە، کەبردنی کۆمەلگای کوردستانی بەرەو سۆسیالیزم و بەرنامەی دنیایەکی باشتر، کرۆتە ئامانجی بنەرتی خۆی. حزبیك کەتیدەکۆشیت کۆتایی بەسەرگەردانی سیاسی و کۆیمەلایەتی ئیستای کوردستان بهینی و دەولەتیکی سکولار و سەربەخۆ، کە ماف و ئازادیە فەردی و مەدنیەکانی کرکیاران و لاوان و ژنان و کۆمەلانی خەلك بچەسپینی و ئیرادەی دەخالەتگەرانەی ئەوان بۆ بەریوەبردنی ژیانی خۆیان بگەرینیتەوە وکۆمەلگایەکی بەدور لە ستەم و چەوسانەوە و ژن کوشتن و گەندەلی و سەرکوت پیکبهینی و هەموان لەژیر سایەی ئازادی وبەرابەری و خۆشگوزەرانی لەژیانیکی ئاسوودەو کامەراندا بحەوینیتەوە...

بیشك کۆنگرەیەکی ئاوا و حزبیکی ئاوا پیداویستی هەر ئیستای کۆمەلگای کوردستان و ژیانی ملیونەها ئینسانی زەحمەتکیشە لەژنان و منالان و خەلکی بیبەش، بۆیە ئەرکی هەر ئیسانیکی ئازادیخوازە بەتەواوی تواناوە لەپشت ئەم کۆنگرەیەو هەولەکان بۆپیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کرکیاری کورستان راوەستێ و کۆمەك و هاوکاری و پشتیوانی بەگویرەی ئەوەی دەتوانری بۆ رابگەیەنیت.

لەیەکەمین هەنگاودا، و لەپیناو سەرخستنی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی دامەزراندنی ئەم حزبەدا، ئیمە داوای کۆمەك وهاوکاری ئیوە دەکەین. داوامان ئەوەیە بەگویرەی تواناتان بۆ سەرخستنی ئەم کۆنگرەیە بەدانی کۆمەك هاوکاریمان بکەن. ئەم حزبە جگەلە پشتیوانی ئیوە ئازادیخوازان و جەماوەر هیچ سەرچاوەیەکی نییە تا بەهیزەوە لەسەر پێی خۆی راوەستیت. هاوکات کۆمەکی ئیوە بەمانای بەشداربوونی کاریگەری ئیوەیە لەسەرخستنی ئەم کۆنگرەیەدا.

ئیوە دەتوانن لەریگای ئەم حساب بانکیەوە کۆمەکەکانتان هەوالەبکەن وبۆهەر زانیاریەکی تر لەم بارەوە دەتوانن لەریگای ئەم ژمارەتەلەفۆن و ئەدرەس ئیمیلانەوە لەگەل ئیمە پەیوەندی بگرن:

جگەلەوەی کە ئیمە رەسیدی گەیشتنی هەرکۆمەکیك بۆخاوەنەکانی دەگێرینەوە، هاوکات ناو وریژەی کۆمەکەکان لەراپۆرتیکدا بەئاگاداری کۆنگرەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان رادەگەیەنین. چاوەروانی کۆمەك و پشتیوانی ئیوەین.. کەنالی پیەوەندی گرتن:


خەسرو سایە:
0044 + 7796257020
Xasraw.saya@yahoo.com

کامیل ئەحمەد
+47 911 14 116
peshkar@online.no

دەشتی جەمال
d.jamal@ntlworld.com

ئاسۆ کەمال
asokamal@yahoo.com


**حساب بانکی راگەیەندراو:**

**BARCLAYS BANK. BERMONDSEY TOWER GRIDGE ROAD BRANCH**
**A A SALIH**
**Sort Code : 20- 80 – 57**
**Account Number: 80129712**
**IBAN : GB66 BARC 2080 5780 1297 12**
**SWIFTBIC : BARCGB22**
**LONDON - UK**